## بۆكان له ئه‌مرۆ و له مێژوودا

نووسینی: تاهیر عه‌لیار

# خوێندن و خوێندنگه له بۆكان (٨-٥)

*[[ له سه‌ره‌تای ده‌ست به‌كاركردنی ماڵپه‌ڕی بۆكان، به‌شێكی تایبه‌ت به خوێندنگاكانی بۆكان ته‌رخان كرابوو، كه ئه‌و ده‌م واته ١٥ ساڵ به‌ر له ئێستا هه‌م ده‌ستكه‌وتنی زانیاریی و پێوه‌ندیگرتن له گه‌ڵ خه‌ڵكان چه‌توون بوو، هه‌م لاكردنه‌وه له بابه‌تێكی وا له لایه‌ن زۆر كه‌سه‌وه به گرنگ نه‌ده‌زاندرا، ئێستا پاش تێپه‌ڕبوونی ئه‌م ساڵانه و بوونی ئینترنێت و ڕێگاكانی پێوه‌ندی و هاسانبوونه‌وه‌ی ناردنی بابه‌ت و هه‌ست به‌برپرسیاریكردنی زۆرتر له مه‌ر زانیاریی به‌خشین، ماڵپه‌ڕی ڕۆژهه‌ڵات- بۆكان له چوارچێوه‌ی پرۆژه‌ی "بۆكان له ئه‌مرۆ و له مێژوودا" جارێكی دی ئاوڕ له‌و بابه‌ته ده‌داته‌وه و به‌رپرسانی پرۆژه‌كه هیواده‌خوازن له گه‌ڵ پشتیوانییه‌كی زۆری خه‌ڵك به تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی كه به جۆرێك له جۆره‌كان پێوه‌ندیان به خوێندنگاكانه‌وه هه‌بووه، وه‌ك خوێندكار، موعه‌لیم و ده‌بیر و كارمه‌ندی ئیداره‌ی فێركردن و بارهێنان و هه‌روه‌ها وه‌ك دایك و باوكی منداڵان و خوێندكاران بابه‌ته‌كانی خۆیان بۆ ماڵپه‌ڕه‌كه بنێرن. بیره‌وه‌ری، به‌ڵگه‌نامه، وێنه، فیلم و هه‌ر چه‌شنه زانیارییه‌ك كه بگاته ده‌ست به‌رپرسانی پرۆژه‌كه به شێوه‌ی شیاو بڵاو ده‌كرێته‌وه. مه‌درسه له شاری بۆكان به ته‌نیا شوێنی خوێندن نه‌بووه به‌ڵكوو شوێنی چالاكی هونه‌ریی، فه‌رهه‌نگی، وه‌رزشی، ڕۆژنامه‌نووسی و شوێنی چالاكی سیاسی و كۆمه‌لایه‌تی و ئه‌ده‌بیش بووه. باسكردن له هه‌ركام له‌و لایه‌نانه، كۆكردنه‌وه‌ی زانیارییه‌كی ده‌وڵه‌مه‌نده كه جێگا و پێگه‌ی شاره‌كه له سه‌رده‌مه‌كاندا نیشان ده‌دا. هاوكاری هه‌ركه‌س جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمه‌یه]] بۆكان له ئه‌مرۆ و له مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

---

## خوێندن و نووسین له‌ناوچه‌ی بۆكان له‌بیره‌وه‌ریه‌كانی محه‌مه‌دی نووری گوڵۆڵانی دا

وه‌رگیراو له‌كتێبی شه‌وێك و خه‌وێك ، بستوی ژیان

ناوم محه‌مه‌ده، نازناوم نووری یه. له‌یازده‌ی مانگی ره‌شه‌مه‌ی 1305 ی هه‌تاوی ، له‌گوندی گوڵۆڵانی خواریّ ، له ناوچه‌ی گه‌وركی مهاباد له‌دایك بووم. بابم میرزا ئه‌بووبه‌كر ، كوڕی خاڵه‌حه‌مه‌زێندین بووه. خاڵه‌حه‌مه‌له‌گه‌ڵ چه‌ند بنه ـاڵه‌له‌عێلی زه‌ند ئاواره‌بوون و هاتوون له‌گوندی قالویّ زه‌ندان جێگیر بوون و ماونه‌وه. ئێستاش چه‌ند بنه‌ماڵه‌له‌و ناوچه‌یه دا هه‌رماون . بۆم ساغ نه‌بۆته‌وه‌هۆی په‌ڕه‌وازه‌بوونی ئه‌و چه‌ندبنه‌ماڵه‌یه‌له‌ده‌ورانی ئاغا محه‌مه‌دخانی قاجاردا چی بووه‌و چۆن ئاواره‌ی ئه‌م مه‌ڵبه‌نده‌بوون و له‌ودێیه‌كه‌به‌قالویّ زه‌ندان ناو دێریان كردووه، جێگیر بوون و له‌دوایه‌هێندێكیان بێره وبه‌وێدا په‌ڕان په ڕان و ئه‌وپه‌ره‌وپه‌ڕ كه‌وتوون.

میرزا ئه‌بووبه‌كر پیاوێكی باسه‌واد و شاره‌زا به‌زمانی عاره‌بی و فارسی بووه‌و له‌زانستی فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌بیاتی عاره‌بی و فارسی دا ، ده‌ستێكی باڵای هه‌بووه‌و له‌نێو عێل و عه‌شیره‌تی گه‌ورك دا جێی ڕێز و حورمه‌ت بووه‌و هاوكاریی پێ خوێندن و نووسین و ده‌رك و دیوانی سه‌رانی ئه‌و عێله‌ی كردووه. هۆنراوه‌ی فارسی هۆندۆته‌وه‌كه‌به‌هۆی تاڵان و بڕۆ و سوتمانی عێل و عه‌شیره‌ته‌كانی زۆردار و بێ زۆری مه‌ڵبه‌نده‌كه، له‌نێو چوون و وه‌ده‌ست من نه‌كه‌وتوونه‌وه‌مه‌گه‌ر هێندێك كتێب و قورئان نه‌بێ.

لام وایه‌زۆر به‌چكۆڵه‌یی بابم ده رسی پێ خوێندبم چون هه‌رچه‌ندی بیر و فامم بڕ ده‌كا ، سه‌وادی خوێندنه‌وه‌و نووسینم هه‌بووه. له‌بیرم ماوه‌كاتێك (جوزووی عه‌مم ) له‌قورئانی پیرۆز خوێند ، ته‌واوی جوزوه‌كانی دیكه‌م به‌باشی ده‌خوێنده‌وه و وه‌كوو ده‌رس پێداویستیم به‌وان نه‌بوو.

كتێبه‌كانی سه‌ره‌تایی ئه‌وكات وه‌ك سمایل نامه، ناگه‌هان، گوڵزار و له‌دواییدا گوڵستان و بۆستان و دواتریش ته‌سریفی زه نجانیم له‌نه‌حودا ، لای بابم خوێند. به‌باشی نووسین و خوێندنه‌وه‌فێر ببووم. وام دێته‌زه‌ین كه‌بابم به‌نووسین و خوێندنه‌وه‌ی زمانی كوردی زۆر ئاشنا و ئوگر بوو و هه‌ستی نه‌ته‌وه‌خوازیی زۆر توند بوو. له‌ساڵه‌كانی دوایی ژیانیدا جۆرێك گۆشه گیری و ته‌نیایی به‌خۆیه‌وه‌گرتبوو. له‌و حاڵه‌دابوو كه‌سه‌فه‌رێكی بۆ لای ئێراق كرد ، نازانم چه‌ند ڕۆژ یا چه‌ند حه‌وته‌ی پێچووبوو ، كه‌هاته‌وه‌چه‌ند په‌ڕتووك و په‌خشانی كوردی كه‌له‌شاری سلێمانی یان له‌كۆیه‌ده‌رده‌چوون ، له‌گه‌ڵ خۆی هێنابوویه‌وه. ئه‌من كه‌هێندێكم سه‌وادی خوێندنه‌وه‌په‌یدا كردبوو ، نووسراوه‌كانی پێ ده‌خوێنده‌وه. ئێستاش تاكه‌هۆنراوه‌یه كم له‌و په‌ڕتووكه‌له‌بیرماوه‌كه‌نووسرابوو: به‌هار هاته‌وه‌به‌سه‌یرانه‌وه‌به‌ڵێ لێ و لۆلۆ و به‌حه‌یرانه‌وه.

زۆرم شایی بەخۆم بوو کەدەمزانی بیانخوێنمەوە.

رۆژێکی تاڵ کەقەت لەبیرم ناچێتەوەئاوا بوو کەبابم بەپەلەهاتەوەماڵێ و کوتی: محەمەد نووسراوەکوردیەکان لەکوێن؟ ئە منیش کەئەوانم وەک شتێکی بەبایەخ لەنێو کتێب و سیپارەکانم ئاخنیبوون ، هێنامنەدەرێ و کوتم ئەوەتان . بابم خێرا لێی وەرگرتم . تەندووری نێو ماڵێ داییسا ، گورجانەهەموویانی لەتەندوورەکەهاویشت. گڕەمەشغەڵیان لێ بەرزبۆوە. ئەمن نەمزانی ئەو کارەی بۆ کرد ، رووحی پچووکی من لەگەڵ گڕی پەڕتووکەکان دەسووتاو دەچووقا. لەو کاتەدا چەند عە جەمی قوڵەشینی تفەنگ بەدەست کەپێیان دەکوتن ئەمنیەوەژوورکەوتن و دەستیان بەپشکنینی سندووق و نێو ماڵ و کتێب و دەفتەرەکان کرد . روویان کردەبابم و کوتیان : دەڵێن ئەتۆ چوویەتەئێڕاق و کتێب و نووسراوەی کوردیت لەگەڵ خۆت هێناوە. ئەی کوانێن؟ لەکوێت داناون؟ بابم کوتی بەڵێ چوومەئێراق . چوومەبەغدا بۆ زیارەتی غەوسەلئەعزەم ولەگەڕانە وەدا چوومەتەوێڵەبۆ دیداری شێخی حسامەددین و کارێکم بەهێنانەوەی کتیب و نووسراوەی کوردی نەبووە. ئەمنیەکان دوای پشکنینی هەموو ماڵەکە، بابمیان لەگەڵ خۆیان برد و رۆیشتن. دوو غەم و پەژارە، رووحی بچکۆڵەی منیان ئازار دەدا. یەکیان پەژارەی پەڕتووکەکوردیەکان کەدەمزانی بیانخوێنمەوەو هۆنراوەکانیم پێ خۆش و دڵگیر بوون و ئەوی گە ورەتریش پەژارەی بێ سەر و سۆراغیی بابی پیر و نەخۆشم . دوای چەندرۆژان کەبابم هاتەوە، تێی گەیاندم و حاڵی کردم کەنووسین و خوێندنەوەی کوردی قاچاغە. بەوتەی عارەبان (الانسان حریص علی ما منع) هەر ئەوەبوو بەهۆیە کی بنەڕەتی کەئەمن هەر لەمنداڵییەوەنووسین و کوتنی زمانی خۆم لەعارەبی و فارسی پێ خۆشترو گرینگ تر بوو.

لەدوای چەندساڵان کەفام و بیرم هێزی لێکدانەوەی بەسەرهاتی دەورانی منداڵیمی پەیدا کردبوو بۆم روون بۆوەکەسەفە رەکەی بابم بۆ ئێڕاق ، تەنیا دیداری دەستەیەک لەنووسەران و رووناکبیرانی کوردی ئێڕاقی بووەکەلەو کاتی دا بزووتنە وەی نەتەوەیی یان دەست پێکردبوو چون لەئێراقدا مەودای بزووتنەوەو پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی بەربڵاوتر و هە راوتر بوو و لەگەڵ رووناکبیرەکانی کوردی ئێرانی لەسنوورەکانی سەردەشت و بانەو هەورامان ومەریوان، هەستی نە تەوەخوازیان تێکەڵاو کردبوو. بابم لەو کەسانەبوو کەبەبیر و هەستی نەتەوەیی و میللی دەژیا . هەر ئەو هۆیەش بوو کە چەندجارێک تووشی چەرمەسەری پیاوەکانی دەرک و دیوانی رەزاشا دەبوو کەبەوردی لەسنوورەکان ، مێرەبەهەست و لێهاتووەکانی دەخستەژێر چاوەدێری و تێڕوانین. هێنانی گۆوار و پەڕتووک و و بەخشنامەکوردییەکان لەئێڕاقەوە، دە یڕوانیەئەو بیر و هەستەرووناکەی ئەو کات.

لەساڵەکانی 1312 و 1313 دا( مێژووی موعجەم) و( دەورەی نادری) و هێندێک لەکتێبەسەرەتاییەکانی (سەرف و نە حوم) لای بابم خوێند . لەساڵی 1314 ی هەتاوی ، رۆژێکی بابم دەستی گرتم و بردمیەلای یەکێک لەمامۆستایانی زانستی ئایینی بەناوی (مەلا عەبدولوەهاب) کەپیرێکی نوورانی و عالمێکی رەببانی و مودەریسی زانستی ئایینی لە گوندی گوڵۆڵانی خوارێ بوو . ئەسپاردمی کەلەژێر چاوەدێری ئەو عالمەزانایەدا دەرسی زانستی دینی و عارەبی بخوێنم و نەیەڵێ دەست لەخوێندن هە ڵگرم.

چون ویستی خودا لەوەدابوو کەئەمن هەر لەتەمەنی منداڵی را تووشی چەوتی و چەڵمەی ژیان بم ، لەسەردەمی پاییزی ساڵی 1314 ، باوکم لەتەمەنی 63 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و ئەمن و پێنج منداڵی لەمن چکۆڵەتری لەداوێنی دایکێکی پەژارەنەدیودا بەجێ هێشت . دایکم کەسەیدزادەیەکی پاک و بەغیرەت و بەمشوور بوو ، سەرپەرەستیی خێزانی وە ستۆی خۆ گرت و بوو بەداژدارێکی دڵسۆز و لیهاتوو لەحاستی چەوتی و چەوێڵیی ژیان دا . نەیهێشت ئەمن دەست لە خوێندن هەلگرم . هەتا ساڵی 1320 ئەمن هەر لەقوتابخانەکانی زانستی ئایینی ، لەگوندەکانی ناوچەی گەورک، بانەو سەردەشت ، سە رف و نەحو و مەنتیق و ئاداب و بەلاغەو هەتا هێندێکیش لەکتێبی (جمع الجوامع) کەدوایین پلەی دە ورەی زانیاری دەرسی زەمان بوو ، خوێندم. هەستی تەنیایی دایک و چوار خوشک و برای چکۆلەوای هان دابووم کە ئانێکم لەوەختی خۆم خەسار نەدەکرد . ئەوەی لەماوەی شەش ساڵ دا خوێندبووم ، دەمتوانی بەدەرس بیانڵێمەوە. ئاواتم بوو تا دوایین پلەی زانیاری کەلەکۆری قوتابخانەکانی دینی دا باو بوو بخوێنم و بچمەسەرێ.

دوو هەڵکەوتی ناحەز و نالەبار بوونەبەرهەڵستی وەدی نەهاتنی ئاواتەکانم ، ساڵی 1320 شەڕی دووهەمی نێو نەتەوە یی بوو ، بەهۆی ئەوەکەئێرانی ئێمەبەدەستی دەولەتانی هاوپەیمان : ئەمریکا، ئینگلیس، و شووڕەوی داگیر کرا حکوومە تی ناوەندی شیرازەی پسا و نەزم و نیزام لێک هەڵوەشا . شوێنەواری عەشیرەت گەری و خان خانی کەلەدەورانی حکوومەتی رەزاشادا لەگرێژەنەچووبوو ، بەرەوشتی کۆنی حەز و ناحەزی خۆی ژیایەوەو هاتەوەسەر تەوەرەو بستەی پێشووی و نائەمنی و هەڕەج مەڕەج لەهەر ناوجەیەک سەری هەڵدا وکەس بەربەی کەسی نەدە پێوا.

هەر لەو سەردەمەدا بوو ئاغای گوڵۆڵان(خدراغای عەزیزی) نامەو پیاوێکی نارد کەئەگەر محەمەدی نووری وەکوو بابی کەمیرزای من بووە، نەیەتەوەگڵۆڵانێ و نەبیتەمیرزای من و دەرس بەمنداڵی بنەماڵەکەم نەڵێ ، ئەوا خەرج و پیتاکی ئەو چەند سالەی لەدایک و خێزانەکەی وەردەگرم و لەمڵکی خۆشم دەریان دەکەم . دیارەئەمنێکی دنیا نەدیتوو و لەکێشمەکێشمی دەوران نەکەوتوو کەهەموو ئاواتم ئاسوودەیی و حەسانەوەی دایکم و منداڵەکانی بوو ، لەوەختێکی وادا دەست و پێم لێ ون دەبێ ، رایەڵ و پۆی ئاواتەکانم دەهاڵۆزێ و تێکەڵ دەبێ . لەوەی زیاتر چارەیەکم نەدەزانی کەدەست لەخوێندن هەڵگرم ورۆژ و حاڵی بنەماڵەفیدای دوارۆژ و داهاتووی خۆم نەکەم. ناچار سیپارەو دەفتەری رووەو رووناکیم پێچایەوەو بەرەو تاریکەبازاڕی ژیانی نالەبار وەڕێ کەوتم و بەسەر ساردی هاتمەسەر پەت و سینگی داب و دە ستووری باوی رۆژگار و لەلای خدراغای عەزیزی کەپیاوێکی مێر و شایی بەخۆ بوو ، بوومەمیرزا و نووسەر و مامۆستای مندالەکانی عێلی.

درێژەی هەیە ...